# هەلبژاردن لە گۆشەنیگای خەلكی زەحمەتكێشەوە



**كەژاڵ حەمەڕەشید**
kazhalh@yahoo.com
Feb-1- 2005


**" دوای ئەوەی صـدام ڕۆیشت ووتمان وەزعمان باش دەبێت، بەلام هیچ نەگۆرا، عەللاوی هات هەرهیچ نەگۆرا، دوای ئینتیخاباتیش هەر ناگۆڕێ."**

**ئەوەی سەرەوە قسەی ئۆپۆزیسیۆنێك یان لیكۆلەرەوەیەكی سیاسی نیە كە لە دژایەتی كردنی دەسەلات و ئەحزابدا ناكۆكی نیشان بدات، یان لە پەیوەند فكرو باوەری سیاسی تایبەتی خۆیەوە بەم جۆرە شیكردنەوە بدات، ئەوە قسەی ژنێكی زەحمەتكێشی ماسیفرۆشی دانیشتووی شاری بەغدایە، بەلكۆ قسەی زۆرینەی خەلكی كرێكارو زەحمەتكێشە كە تەجروبەی دەیان سالی پر زەحمەتیان ئەوەی بۆ روون كردوونەتەوە كە هیچ دەسەلاتێكی سەروو ئەوان ناتوانی ئالوگۆر لە ژیانی ئەواندا پێك بهێنێت بەرەو باشی و خۆشگوزەرانی، ئەگەر ئەوان خۆیان راستەو خۆ بەشدار نەبن لەو دەسەلاتەداو بەلكو هەرخۆشیان دامەزرێنەری ئەو دەسەلاتە نەبن. ئەو ووتانە لە زمانی خەلكی زەحمەتكێشەوە نەك بێئومێدی و رەشبینی نین بەلكو ئەوانە واقعیترین و راستترین تەعبیرێكن لە هەلومەرجی ئیستای عیراق و خودی هەلبژاردنەكە.**



**بەلێ لە دوای روخاندنی رژێمی ناسیونال فاشستی بەعس، خەلك ئومێدیان بەوە هەبوو لەو هەلومەرجەدا فرسەتێك بۆ ئەوان بلوێ چارەنووسی خۆیان دیاری بكەن و بە نوێنەرانی راستەقینەی خۆیانەوە دەخالەت بكەن لە بەرێوەبردنی عێراقی دوای سەدام حسێندا، عێراقی دوای رژێمێك كە لەوێنەی درنداتەترین رژێمەكانی سەردەم بوو. بۆیە خەلكی پێیان وابوو بە هەموو مەینەتی و مەئساتەكانی دوای شەرو كاولكاریەكانی ئەمریكاوە لەعێراقدا ئەمجارە لانی كەم دەسەلات لەدەسەلاتەكەی رژێمی بەعس باشتر دەبێت و ئەوانیش لەسایەدا وەزعیان باشتر دەبێت ، بەلام بەداخەوە بینیان لە ماوەی سالێك لە حوكمی دوای رژێمی بەعس و دەسەلاتی ئەمریكاو حكومەتە موەقەتەكەی یاوەرو عەللاوی تروسكاییەك لەم بارەیەوە دەرنەكەووت. ئێستاش ئەوە رۆشنە بۆ ئەوان كە حكومەتێك كە سیستانی و یاوەروو عەللاوی و مونافسەكانیان كە لە ماوەی سالێكدا عێراقیان كرد بە گۆمی خوێن حكومەتی جێمتمانەو دلخۆشكەری ئەوان نیەو نابێت. ئەم هەلبژاردنە هەلبژاردنی خەلك نەبوو بەلكو هەلبژاردنی ئەحزابی قازانج پەرست بوو كە چاویان بریوەتە سەهمێكی باشتر لە بردنی سەروەت و سامانی ئەو وولاتە. بۆیە بەشێك لە خەلكی زەحمەتكێش ئەو دەنگدانەی بەلاوە بێبایەخ بوو، هەروەكو ئەو ژنە دەلێت " ئێمە ئەو دەنگدانە بەلامانەوە گرنگ نیە گرنگ ئەوەیە وەزعمان باش ببێت."**

**" دەبوایە چاوەرێبكرایە تا ئاسایش بەرقەرار بوایە ئەوكاتە هەلبژاردن بكرایە. قسەی پیاوێكی 70 سالەی دانیشتووی شاری بەغداد. " دیسان ئەم ووتەیە تەعبیرێكی زۆر سادەیە لەوەی كە هەلبژاردن لەهەلو مەرجێكی نائەمنی و ناجێگیردا هەلبژاردنێكی دیموكراتی نیەو تەعبیر ناكات لە خواستی خەلك. هەلو مەرجێك كە هەر رۆژە تیرۆرو تەقاندنەوەو دەنگی بۆمبەكان لیرەو لەوی دەنگ دەدەنەوە. لەلایەكیتر شەری نێو ئەحزابەكان و كارە تیرۆرستیەكانیان كاریگەری تەواوی دانا لەسەر ئامادەیی خەلك لەو هەلبژاردنەدا هەروەكو كەسێكی تری دەستفرۆش لەوەلامی راپرسیەكەدا ووتی " لەتاووی هەرەشەكانی زەرقاوی كێ دەوێرێت بچێت دەنگ بدات."**



**له کوردستان به هه‌مان شێوه خه‌لكی زه‌حمه‌تكێش ئومێدێكیان له ئاینده‌ی ئه‌م هه‌لبژاردنه نه‌بوو. له‌و هه‌لبژاردنه‌دا نوێنه‌رانی خه‌لكی كوردستان ئه‌وانه‌بوون كه 13 ساله ته‌جرووبه‌ی جۆری ده‌سه‌لاته‌كه‌یان ده‌كه‌ن و ماهیه‌تی دژی خه‌لك بوونی ئه‌وان رۆشن بوه‌ته‌وه لایان له‌م چه‌ند ساله‌دا. له‌لایه‌كی تریش پشتگوێخستنی خواستی جیابوونه‌وه‌ی كوردستان كه خواستی ته‌واوی خه‌لكی كوردستانه، جا ئه‌م خواسته ئه‌گه‌ر درنده‌یی و سته‌می چه‌ندین ساله‌ی رژێمی به‌عس چه‌سپاندبێتی یان كاریگه‌ری بزووتنه‌وه‌ی ناسیونالیزمی كوربێ كه پێم وایه هه‌ردوكیان كاریگه‌ری ته‌وه‌اویان هه‌بوه، گرنگ ئه‌وه‌یه ئه‌مه خواستێكی سه‌راسه‌ری خه‌لكی كوردستانه‌و له سایه‌یدا خه‌لكی كورد قازانج ده‌كات، وه‌لام نه‌دانه‌وه به‌م خواسته‌ش هه‌ر له سه‌ره‌تاوه نیشانی دا كه حكومه‌تی ئاینده ئه‌وان له مه‌وقعیه‌تی میلله‌تی پله دوودا سه‌یر ده‌كات و هه‌مان سته‌می نه‌ته‌وایه‌تی چه‌ندین ساله‌ی رژێمی به‌عس درێژه ده‌كێشێت له سه‌ریان.**

**ئێستا ره‌نگه بلێن ئه‌ی ئه‌وانه‌ی به لێشاو ریزبه‌ندیان كردبوو بۆ ده‌نگدان كێ بوون؟ له راستیدا سه‌رباقی ئه‌و ته‌جروبانه‌ی خه‌لك له‌گه‌ل پروپاگه‌نده‌ی خودی ئه‌مریكاو حكومه‌ت و ئه‌حزاب ئاشكرابوونی ماهیه‌تی دژی خه‌لكیان ، به‌لام چه‌ند هۆكارو واقعیه‌تێك هه‌بوون كه پالی نا به به‌شێك له خه‌لكه‌وه به‌شداری له‌و پرۆسه‌ی ده‌نگدانه‌دا بكه‌ن یه‌كێكیان بیرۆكه‌ی" ئه‌م باشتره له‌و" هانده‌رێك بوو بۆ ده‌نگدان بۆ نموونه له خوارووی عێراق هه‌رچه‌نده یاوه‌رو عه‌للاوی و هاوشێوه‌كانیان نموونه‌ی سه‌رانی ناسیونال دینی و فاشستین، به‌لام ره‌نگه خه‌لك له حوكمی پر كۆنه په‌رستی ئیسلامی نموونه‌ی ئێران و ئه‌فغانستان پێیان باشتر بێت. له‌كوردستان به هۆی سته‌می توندی نه‌ته‌وایه‌تیه‌وه له‌لایه‌ن رژێمی به‌عسه‌وه به‌شێك له خه‌لك ئه‌وبه‌رئه‌نجامه‌ی وه‌رگرتوه كه حوكمی كورد باشتره له عه‌ره‌ب بۆیه له خراپترین حاله‌تدا رویان كرده سندوقه‌كان و ده‌نگیاندا به لیستی كوردی له به‌رامبه‌ر عه‌ره‌بدا.**

**به‌گشتی له گۆشه‌نیگای خه‌لكی زه‌حمه‌تكێشه‌وه هه‌لبژاردن و حكومه‌تی ئاینده ئومێدێكی گه‌شی نه‌دا به‌خه‌لك، بۆیه لێره‌و له‌وێ خه‌لك به به‌لگه‌ی جۆراوجۆر مقاته‌عه‌ی هه‌لبژاردنه‌كه‌یان كرد، باقی پرۆسه‌كه‌ش له كه‌شو هه‌وایه‌كی نائارامیدا به‌رێوه چوو بۆیه هه‌لبژاردن له روانگه‌ی خه‌لكی زه‌حمه‌تكێشه‌وه شرعیه‌تی نیه‌و ئاینده ره‌شه‌كه‌شی رۆشنه.**

---

**تێبینی:** **وێنه‌كان له** bbcArabic.com **وه‌رگیراوه راپرسیه‌كه‌ش هه‌ر له‌وێ كراوه.**